# The Drivers of the Development of China-KRI Relations

Zubir Rasool Ahmed[1]
Department of International Relations and Diplomacy, College of Political Science, Soran Univeristy[1]

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2471.28*
*Published: 21/04/2024*

## *Abstract*

*The relationship between China and the Kurdistan Region is relatively new, as it started after the fall of the Ba'ath regime in post-2003 Iraq. The main question of this study is, what are the main motivations of China in its relations with the Kurdistan Region? For the sake of answering this question through a theoretical approach, this paper relies on the concepts of soft power and development. Both concepts are argued to guide and construct the Chinese foreign policy in the Middle East. Methodologically, this research is a qualitative one, benefitting from qualitative data and analysis. This research puts forward the argument that China's relations with the Kurdistan Region are based on soft power calculations relying on economic and commercial means. China refrains from political interference as it perceives and handles the relations with the Kurdistan Region from the perspective of China's Iraq policy. This study has concluded that trade and economic factors are steering the China-Kurdistan Region's relationship, and so far relations have not reached the political or strategic level. Two factors are hindering the development of relations into the political sphere. First, China prefers establishing relations with states, rather than non-state entities like Kurdistan Region, as it struggles with a similar problem at home. Second, the Kurdistan Region is politically and militarily affiliated with the United States, which makes China-Kurdistan's relations stop on economic and trade levels and do not proceed to the political level.*

***Keywords:*** *China؛ Kurdistan Region؛ Iraq؛ Soft Power ،International Relations؛ Referendum*

# پاڵنەری گەشەکردنی پەیوەندییەکانی چین و هەرێمی کوردستان

پ. ی. د. زوبێر ڕەسوڵ ئەحمەد
کۆلێجی زانستە سیاسییەکان/ بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی
ئیمەیل: zubir.ahmed@su.edu.krd

## پوختە

پەیوەندیی چین و هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی تازەیە و دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣. پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، ئایا پاڵنەری سەرەکیی پەیوەندییەکانی چین و هەرێمی کوردستان لەسەر چ بنەمایەکن؟ بۆ شیکردنەوەی ئەم پرسیارە و تێگەیشتن لە پەیوەندیی هەردوولا لە ڕووی تیۆرییەوە پشتمان بە دوو چەمک بەستووە: چەمکی هێزی نەرم (soft power) و چەمکی گەشەسەند (development)، کە چینییەکان سیاسەتی دەرەوەی خۆیانیان لەسەر داڕشتووە. بۆ شیکردنەوە و دەستکەوتنی داتاکانیش پشتمان بەستووە بە میتۆدی جۆری (qualitative). لەم توێژینەوەیە گەشیتوین بەو تێگەیشتنەی کە پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە سەر بنەمای هێزی نەرمن، واتە ئابووری و بازرگانی، چین خۆی بە دوور دەگرێت لە دەستوەردانی سیاسی و لە ڕوانگەی عێراقەوە سەیری هەرێمی کوردستان دەکات. لەم توێژینەوەیەدا گەیشتوون بەو دەرەنجامەی کە دوو فاکتەر وا دەکەن کە پەیوەندیی چین و هەرێمی کوردستان هەر لەسەر ئاستی ئابووری و بازرگانیدا بێت و نەچێتە ئاستی سیاسی، یەکەمیان: سیاسەتی دەرەوەی چین پاڵپشتیی هەرێمە نادەوڵەتییەکانی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان ناکات و پشتی دەوڵەتان دەگرێت، چونکە خۆی کێشەی هەرێمی نادەوڵەتیی هەیە. دووەم: هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ئاساییشەوە وابەستەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، ئەمەش وا دەکات کە پەیوەندیی چین و هەرێمی کوردستان لە ئاستی ئابووری و بازرگانیدا بمێنێتەوە گەشەنەکات بۆ ئاستی سیاسی.

**وشە کلیلییەکان**: چین؛ هەرێمی کوردستان؛ عێراق؛ هێزی نەرم، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان؛ ڕیفراندۆم

## پاڵنەری گەشەکردنی پەیوەندییەکانی چین و هەرێمی کوردستان

- **پێشەکی**

لە دوای ٢٠٠٣ گەشەسەندنێکی خێرا لە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان ڕوویداوە بە جۆرێک کە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ زیاتر لە ٣٥ کۆنسوڵگەری و ١٧ ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان نوێنەرایەتییان لە هەرێمی کوردستان هەیە (KRG-DFR, 2022). هەرێمی کوردستان هەمیشە بوونی پەیوەندی و نوێنەرایەتیی دیپلۆماسیی وڵاتانی لە هەرێم یان بە پێچەوانەشەوە وەک دەسکەوتێکی سیاسی بینیوە، ئەمەش زیاتر بۆ تایبەتمەندیی پێگەی سیاسی و دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە کە قەوارەیەکی نادەوڵەتییە لە چوارچێوەی عێراقدا. ئەمەش هەرێمی کوردستانی لە چەندین چالاکیی سیاسی و دیپلۆماسی و یاسایی نێودەوڵەتی بێبەشکردووە. لەم سۆنگەیەوە پەیوەندیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ زلهێزێکی سیاسی و ئابووری وەک چین هەمیشە ئاڵۆز و جێگای جۆرێکە لە ترس بۆ قەوارەیەکی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان، کە بەشێکی مانەوەی پەیوەستە بە پاراستنی لە لایەن ئەمریکا و بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپا، کە هاوکارێکی سەرەکی بوون لە چەند وێستگەیەکدا بۆ مانەوەی هەرێمی کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە بەو مانەیە نییە کە هەرێمی کوردستان

خۆی بە دوور بگرێت لە فراوانکردنی چوارچێوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ نەیارانی ئەمریکا و ئەورووپا. بە تایبەت کە لە چەندین بواردا هەرێمی کوردستان پێویستی بە تواناکانی وڵاتێکی وەک چین هەیە. چینییەکانیش لە ڕێگای پەیوەندیی بازرگانی و کاڵا هەرزانەکانیان هەمیشە لە هەرێمی کوردستاندا ئامادەییان هەبووە. بۆیە وەک توێژەرانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان زۆر گرنگە دیدگایەکی ئاکادیمی و خوێندنەوەیەکی زانستیمان هەبێت بۆ پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و چین، بە تایبەت کە پەیوەندییەکان لە سەرەتای گەشەکردندان و توێژەرانی ئەو بوارەش لە هەرێمی کوردستاندا ناگەنە پەنجەکانی دەست. ئەمە جگە لەوەی کە هاتنی چین بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین و عێراق تازە نییە پێشتریش پەیوەندییان لەگەڵ ڕژێمی بەعس هەبووە. ئێستا چالاکیی سیاسی و ئابووری لە نێوان وڵاتانی کەنداو و چینیش زۆر گەشەی کردووە، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ لوتکەی وڵاتانی کەنداو و چین، چین و سعودیا بە بەشداریی سەرۆکی چین، شیجینگپی لە ریاز بەڕێوەچوو (Saikal, 2022) ، ئەمە جگە لە ناوبژیوانیی چین لە نێوان سعودیا و ئێران کە لە ئاداری ٢٠٢٣ لە چین ڕاگەیەندرا. ئەم پێشهاتە سیاسییانە گشتیان ئاماژەن بۆ باڵابوونی پێگەی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست و عێراق، لە هەرێمی کوردستانیش لە چەندین بواردا هەست بە ئامادەبوونیان دەکەین.

**پرسیاری سەرەکیی** لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە، ئایا پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و چین چ جۆرە پەیوەندییەکە؟ ئایا پاڵنەری سەرەکیی پەیوەندییەکانی چین لە هەرێمی کوردستاندا چییە؟ لە بەرانبەردا هەرێمی کوردستان چۆن دەڕوانێتە پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین؟ ئایا چین دەبێتە جێگرەوەی ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان؟ ئەمانە تەوەرەی سەرەکین کە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامیانبداتەوە. **گرنگیی ئەم توێژینەوەیە** لەم سۆنگەیەوە سەرچاوەدەگرێت کە دیراسەی ڕەفتار و ئامادەیی هێزێکی گەورەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکات کە بەشێکی زۆری سیاسییەکانی ئێمە ئاشنا نین بە مامەڵکردن لەگەڵ ئەم زلهێزەدا، یان جۆرێک لە ترس و دڵەڕاوکێ هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ چین لە ناوچەکدا، نەک لەسەر ئاستی سیاسی بەڵکوو لە ئاستی ئابووری و دیپلۆماسیشدا. لە لایەکی تر، بمناوێت یان نەمانەوێت چین لە ڕێگەی هەڵکشانی پێگەی ئابووری و بازرگانی و سیاسیدا ئامادەیە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بۆیە گرنگە بیناسین و مامەڵەی لەگەڵ بکەین نەک خۆمان بە دوور بگرین لە ناسینی.

- **چوارچێوەی تیۆری**

بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی و ئامادەیی چین لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە ڕووی تیۆرییەوە چەند چەمکێک هەن یارمەتیدەر دەبن لە تێگەیشتن لە سیاسەتی چین لە ناوچەکەدا. یەکێک لەم چەمکانە چەمکی هێزی نەرمە (soft power) کە چینییەکان زۆر کاری لەسەر دەکەن لە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکاندا. بە پشتبەستن بە جۆزێف نای، هەندێک لە بونیادگەرەکان وێنەی ئەرێنی چین لە ڕووی هێزی نەرمەوە دەبینن. جۆزێف نای، وا پێناسەی هێزی نەرم دەکات کە بریتییە لە "توانای بەدەستهێنانی ئەوەی کە دەتەوێت لە ڕێگەی سەرنجڕاکێشانەوە نەک بە زۆر یان بەکارهێنانی دەسکەوتی مادیی". بە پێچەوانەی دەسەڵاتی ڕەق، هێزی نەرم لە سەرنجڕاکێشیی کلتوورەکان، مۆدێلە سیاسییەکان و سیاسەتەکانی وڵاتێکەوە گەڵاڵە دەبن و سەرهەڵدەدەن (Nye, 2004 ).

بۆ پێشخستنی هێزی نەرمی چین، پەکین وەبەرهێنانێکی زۆری لە دیپلۆماسیی گشتیدا کردووە (Wang, 2008). هەندێک پێیانوایە کە ئەمە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە (Kurlantzick, 2007). هەندێکی تر جەخت لەوە دەکەنەوە کە سەرەڕای وەبەرهێنانی بەرچاو، بەڵام پەکین لە بەرانبەردا شتێکی ئەوتۆی بەدەستنەهێناوە. نای دەڵێت هێزی نەرم شتێک نییە کە حکوومەت بتوانێت بیکڕێت، بەڵکوو شتێکە کە کۆمەڵگا دەبێت بەدەستیبهێنێت. بە لەبەرچاوگرتنی سنووورداری ئازادی لە چین، ئەو دەڵێت: هێزی نەرمی چینی هاوتای هێزی نەرمی ئەمریکا نییە.

بەڵام ئەم تێبینییە لەوانەیە بۆ وڵاتانی وەک عێراق و هەرێمی کوردستانیش لاوەکی بێت، چونکە سیستەمی سیاسی چین و نەبوونی ئازادییەکان، کەمتر کێشەیە بۆ پێگەی جەماوەریی چین بە تایبەت لە عێراق، چونکە

بەپێی ڕاپرسییەکان، خەڵکی وڵاتانی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆچوونی ئەرێنیی سەرنجڕاکێشیان هەیە سەبارەت بە ڕێزگرتنی چین بۆ ئازادی کەسی، بە پێچەوانەوە گومانیان هەیە لە چەمکی ئازادی لە ڕۆژئاوادا (Pew Research Center, 2017 )، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە لە هەرێمی کوردستان پرسێکی ترە، خەڵکی هەرێمی کوردستان ئەوندەی ئاشنایەتییان لەگەڵ هێزی نەرم و کلتووری ڕۆژئاوادا هەیە ئەوەندە ئاشنایەتییان لەگەڵ کلتوور و شارستانیەتی چینیدا نییە.

چەمکێکی تر کە یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە سیاسەت و پێگەی چین لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە چەمکی گەشەسەندن (developmnet)، بەڵام ئەم چەمکە هەندێک ناڕوونە، لە سەردەمی شەڕی سارددا، لای ئەمریکاییەکان گەشە بە مانای ئەوە دەهات کە چۆن هەندێک چاکسازیی بکرێت کە هەژاران کەمێک سودمەند بن، بەڵام دەوڵەمەندان هیچ زیانمەند نەبن، بۆ ئەوەی کۆمەڵگاکان بەرەو سۆشیالیزم نەچن. بەڵام لای چین ئامانج لە چەمکی گەشە ئەوەیە کە کۆمەڵگاکان دەکرێت بەرەوپێشبچن، ژێرخان بونیادبنرێت، ئابووریی باش بێت بەبێ ئەوەی دیموکراسی پێویست بێت. بەم پێیە گەشە جیاکردنەوەی سیاسەتە لە ئابووری، بایەخدانە بە ئابووری، بە سەپاندنی جۆرێکی تایبەت لە سیاسەت (سەردار عەزیز، ٢٠٢٢/١٢/٧). بەڵام ئەوەش دیسان پەیوەستە بە پەیوەندیی نێوان گەشەپێدان و حوکمڕانییەوە. گەشەپێدان بە زۆری وەک ئەوەی بە شێوەیەکی چارەنووسساز لەلایەن پێکهاتەکانی حوکمڕانییەوە وێنادەکرێت؛ واتە حوکمڕانی لە ڕێگەی ئامانجی گەشەپێدانەوە لێکدەدرێتەوە و لەقاڵبدەدرێت. زۆربەی تیۆرەکانی گەشەپێدان، گەشەسەندن لەگەڵ گەشەی ئابووریی نەتەوەیی یەکسان دەکات و دەوڵەت وەک بریکاری سەرەکیی خۆی دەبینێت؛ لە ئەنجامدا یەکێک لە نیگەرانییە سەرەکییەکان تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەتە لە گەشەپێدان و سروشتی پەیوەندییەکانی حکوومەت و بازاڕدا.

وەک لی-Lee دەڵێت: تێگەشیتن لە ڕوانگەی میتۆدی گەشەسەندنی وڵاتێک هەمیشە ئاڵۆزە، چونکە بوارەکانی وەک سیاسەت، ئابووری، کلتوور، دیپلۆماسی و بواری تریش دەگرێتەخۆ. بۆیە ئەستەمە لەیەک ڕستەدا کورتیبکەیتەوە، هەڵبەتە ئەمە ڕاستە بۆ ڕوانگەی چین بۆ چەمکی گەشەسەندن. بۆیە لە ڕاستیدا ئەم چەمکە وەک سندوقێک وایە کە پراگماتیزم و گونجاندن و سیاسەت بنەما سەرەکییەکانی پێکدەهێنن، ئەم چەمکە بە پێی هەلومەرجی جیاواز مانای جیاواز هەڵدەگرێت (Li. R, 2022). لەم سۆنگەیەوە ناکرێت پەیوەندیی هەرێم و چین و ئامادەیی ئابووریی چین لە عێراق و هەرێمی کوردستان تەنیا وەک پەیوەندیی ئابووری و گەشەپێدان سەیربکەین، بەڵکوو ئەمە دواجار دەچێتە خانەی ئامانجی سیاسی و کلتووری و دیپلۆماسیشەوە کە سەرجەمیان دەچنە خزمەت هەڵکشانی پێگەی سیاسی چین لە ناوچەکە و جیهاندا، بە تایبەتیش ئەوەی پێیدەگوترێت ململانێی زلهێزەکان (grate power competition).

- **میتۆدۆلۆجی**

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی جۆری – Qualitative Method بەستووە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندان سەرچاوەی زانیاری کۆکردنەوەمان بەکارهێناون وەک: کتێب، توێژینەوە، جۆرناڵی زانستی، لێدوانی ڕۆژنامەوانی و دۆکیومێنتی فەرمی. هەروەها بۆ توێژینەوە و دیراسەکردنی بابەتەکان، پشتمان بە ڕێچکەی شیکردنەوە- Analytical Approach بەستووە، واتە شیکردنەوەی هەڵسوکەوت و دیاردە و کێشە سیاسییەکان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەیان لە فۆرمێکی تردا، کە لە هەمان کاتدا شیکردنەوەیەکی وردی وێستگەکانی پەیوەندیی نێوان هەر یەکە لە هەرێمی کوردستان و چین دەکات. ئەمەش بە مەبەستی ڕوانینی قووڵتر لە کێشەی توێژینەوەکان کە تایبەتە بە پاڵنەری سەرەکیی پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ هەرێمی کوردستان، هەروەها بە پێچەوانەشەوە. ئەمە جگە لە چاودێریکردنی (observation) پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا کە لە چەند ساڵی ڕابوردوودا لە نزیکەوە بەدواداچوون و تێبینیمانکردوون. بۆ دەستگەیشتن بە سەرچاوەی زانیارییەکانیش هەریەکە لە زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی و عەرەبیمان بەکارهێناون.

**سەبارەت بە پێکهاتەی توێژینەوە،** ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ باس و دەرەنجامەکان پێکدێت. لە باسی یەکەم وەک دەروازەیەک بۆ توێژینەوەکە سەرەتا سیاسەتی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شرۆڤەدەکەین. لە باسی دووەم، گەشەکردنی خێرای پەیوەندییەکانی چین و عێراق تاوتوێ دەکەین لە دوای ٢٠٠٣وە. لە باسی سێیەمیشدا، لەو پاڵنەرانە دەکۆڵینەوە کە سیاسەتی چین لە هەرێمی کوردستاندا ئاراستە دەکەن لە دوای ٢٠٠٣. لە کۆتاییشدا دەرنجامەکان دەخەینەڕوو.

## باسی یەکەم/ ستراتیژیی نوێی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بۆ ئەوەی لە سیاسەت و ڕوانگەی چین تێبگەین لە هەرێمی کوردستاندا، زەروورە سەرەتا لە دەروازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراقەوە بچینە ژوورەوە، چونکە بەشێکی هەرە زۆری ئامانج و سیاسەتی چین لەو نەزمە نێودەوڵەتییە تاکجەمسەرییەی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد سەرچاوە دەگرێت. ئەم سیستەمە ئەگەرچی بە سەرکردایەتیی چین نەبووە، بەڵام خزمەتی زۆری بە بەهێزبوونی چین کردووە، چین لەسایەی ئەو سیستەمەدا بەرەبەرە گەشەیکرد و زەبەلاح بوو. ئەمریکا لە دوای ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی بیابان لە ساڵی ١٩٩٠ەوە لە ڕووی هێزی سەربازی باڵادەستبوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە ڕێگەی بونیاتنانی سیستەمێکی جیهان کە زلهێزە بیانییەکانی دیکە یان دەبوو لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا کاربکەن یان تەحەدای بکەن. چەتری ئەمنی ئەمریکا یارمەتی چینیدا خۆی وەک زلهێزێکی گەورەی ئابووری و سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا قایمبکات (Lons, 2019). پەکین لە ڕێگەی ستراتیژیی خۆپاراستن بە شێوەیەکی بەردەوام لە ڕێگەی زیادکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا، هەوڵیداوە پەیوەندی لەگەڵ هەموو دەوڵەتانی ئەو ناوچەیە دروستبکات، بە تەواوی هیچ لایەنێکی فەرامۆشنەکردووە و خۆشی بەدوورگرتووە لەو سیاسەتانەی کە سەرئێشە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دروستدەکەن (Lons, 2019). بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ نەکەوێتە بەرەی دژە ڕۆژئاوا و ئەمریکا.

بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو، ئامانجە سیاسییەکانی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا (MENA) گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. لە سەردەمی ماو تسیتۆنگ، MENA بەشێک بوو لە زۆنی ململانێکان (conflict zone) کە لە بنەڕەتدا گۆڕەپانێک بوو بۆ کێبڕکێی زلهێزەکان. ڕۆژهەڵاتی ناوین و باکووری ئەفریقا ئەگەرچی لە بیرکردنەوەی ستراتیژی ماودا جێگای هەبوو، بەڵام لە خۆیدا گرنگ نەبوو (Rózsa, 2021). سیاسەتی دەرەوەی شۆڕشگێڕانەی چین لە ڕۆژانی سەرەتای شۆڕشی کلتووریدا، کە تەمەنێکی کورتی هەبوو، زیانی بە ناوبانگی چین گەیاند لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەت لە نیمچە دوورگەی عەرەبی، کە چین پشتیوانی لە یاخیبوونی عومان و ڕووخاندنی ڕژێمە پاشایەتییەکانی کەنداو دەکرد. لە سەردەمی چاکسازیدا کە لەلایەن دێنگ شیاوپینگەوە[1] Deng Xiaoping دەستپێکرد، سیاسەتی دەرەوەی چین بە گوتاری بیست و چوار کاراکتەری تاگوانگ یانهوی taoguang yanhui (یان "شاردنەوە و چاوەڕوانی") تایبەتمەند بوو، واتە: "بە ئارامییەوە چاودێریبکەن، پێگەی خۆتان بپارێزن، بە هێمنی ڕووبەڕووی کاروبارەکان ببنەوە، تواناکانتان بشارنەوە و...، و هەرگیز بانگاشەی سەرکردایەتی مەکەن". ئەمەش بووە هۆی ئاستێکی قووڵتر لە پەیوەندیی نێودەوڵەتی، چونکە چین کاری لەسەر بنیاتنانی پەیوەندییەکی فراوانتری ئابووری و دیپلۆماسی دەکرد. بەم سیاسەتە ئامادەبوونی چینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەشەی کرد، بە تایبەتی دوای ساڵی ١٩٩٣، کاتێک چین بۆ یەکەمجار بوو بە هاوردەکاریی نەوت. بۆیە بازاڕەکانی وزە و زۆرێک لە لۆژیکی پەیوەندییەکانی چین و MENA لەم ماوەیەدا گەشەیکرد.

سیاسەتی "شاردنەوە و چاوەڕوانی" کە بە fen fa you wei ی ناسراوە، واتە "چالاک بن لە گەڕان بەدوای دەستکەوتەکاندا،" بەرژەوەندییەکانی چینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئاستێکی ئابووری بۆ ئاستێکی ستراتیژی گۆڕی، بەڵام لەم فراوانبوونەی دەسەڵات و نفوزی چینیدا، ستراتیژی پەکین زیاتر پاراستنی واقیعەکە بوو (ستاتسکۆ)، نەک گەڕان بە دوای بونیاتنانی سیستەمی سەرکردایەتیی چینی لە ناوچەکەدا. شی ئەم خاڵەی زیاتر

ڕوونکردەوە کاتێک لە ساڵی ٢٠١٧ لە داڤۆس قسەی کرد و بەرگرییەکی پڕ لە سۆزی لە جیهانگیری کرد. بە تایبەت سەبارەت بە بانکی وەبەرهێنانی ژێرخانی ئاسیا، وتی: "چین دەیەوێت لەگەڵ ئەوانی دیکەدا کاربکات بۆ بەرزراگرتنی سیستەمی دارایی نێودەوڵەتی. ڕۆژانی پشتیوانی لە ئەکتەرە شۆڕشگێڕە نادەوڵەتییەکان بەسەرچوون". بۆیە چین پەیڕەوی ڕێبازی کارکردن لەگەڵ دەوڵەتان دەکات، بەڵام پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا قووڵتر بووە کە تێڕوانینی نزیک لە چینیان هەیە سەبارەت بە دۆخی ئێستای MENA، کە – جگە لە ئێران – لەگەڵ پەیوەندییەکانی MENA و ئەمریکاشدا یەکدەگرێتەوە (Fulton, 2019).

پەکین یەکەم دۆسیەی سیاسەتی چینی بەرانبەر وڵاتانی عەرەبی لە ١٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٦ بە ناوی "بەڵگەنامەی سیاسەتی چین لەسەر وڵاتانی عەرەبی" بڵاوکردەوە، کە کورتەیەک لە ڕوانگەی چین بۆ ناوچەکە دەخاتەڕوو. یەکێک لەو پرسە سەرەکییانەی کە لەو دۆسیەیەدا هاتووە، پێکهاتنی هاوکێشەی هاوکارییە (١+٢+٣)، کە ژمارە ١ نوێنەرایەتی وزە دەکات وەک بەرژەوەندییەکی بنەڕەتی، ژمارە ٢ نوێنەرایەتی ژێرخان و بازرگانی و وەبەرهێنان دەکات، لەکاتێکدا ژمارە ٣ نوێنەرایەتی هاوکاری لە بوارەکانی وزەی ئەتۆمی، مانگی دەستکرد و سەرچاوەی وزەی نوێ دەکات. ئەمەش وامان لێدەکات پرسیار بکەین کە بۆچی چین زیاتر گرنگی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق دەدات. زۆربەی ئەو شیکارییانەی کە باس لە ستراتیژی چین دەکەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنها سەرنجیان لەسەر دەستپێشخەریی چینە، کە ناسراوە بە " پشتێنە و ڕێگای ئاوریشم"، بەڵام کەمتر گرنگی بە پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدەن لە ڕوانگەی هۆکاری دیکەوە، بە تایبەتیش ڕۆڵی چین لە ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە فەرامۆش دەکەن (Team, 2022 STRATEGIECS).

تا ئێستا چین ڕێککەوتنی هاوبەشی لەگەڵ ١٥ وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردووە. بەشداری لە ئەرکەکانی دژە چەتەی دەریایی و ئاسایشی دەریایی لە دەریای عەرەبی و کەنداوی عەدەندا کردووە، هەروەها ئۆپەراسیۆنی بەرفراوانی بۆ ڕزگارکردنی هاوڵاتییانی خۆی لە لیبیا لە ساڵی ٢٠١١ و یەمەن لە ساڵی ٢٠١٥ ئەنجامداوە، هەوڵی نێوەندگیری داوە لە قەیرانەکانی سوریا و یەمەندا، ئەمە جگە لەوەی چین ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە ڕازیکردنی تاران بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئەمریکا. جگە لەوەش، دامەزراندنی یەکەم بنکەی سەربازی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی لە جیبۆتی، هەروەها کردنەوەی بنکەی سەربازی لە بەندەری گوادار لە پاکستان، دیسان چین ئامادەیی سەربازەی لە نزیک خاڵە دەریاییە گرنگەکان لە گەرووی هورمز و بابل مەندەب هەیە. ئەمە بێجگە لەوەی کە چین چەکی بۆ چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابینکردووە، ئەگەر بە قەبارەیەکی بچووکیش بێت (Lons, 2019). ئەمەنە هەمووی پێمان دەڵێن کە چین لە ڕووی سەربازیشەوە بە تایبەت لە دوای بەهاری عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر چالاکتر بووە.

لە سەرێکی تر چین وەک کڕیارێکی سەرەکیی نەوت و گازی سروشتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر لە ٤٠%ی هاوردەکردنی نەوتی چین پێکدەهێنێت، هەروەها دابینکەرێکی سەرەکیی غازی سروشتیشە بۆ چین. پێدەچێت چین لە ساڵانی داهاتوودا زیاتر پشت بە وزەی ناوچەکە ببەستێت، چونکە پێشبینیدەکرێت وڵاتەکە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەکارهێنانی وزە زیادبکات و تەنها بە شێوەیەکی کەم بەرهەمی ناوخۆیی بەرزبکاتەوە. لەم بابەتەدا هەمەجۆریی بۆ چین گرنگە. وڵاتەکە لەمێژە ڕێبازێکی تاڕادەیەک هاوسەنگی لە هاوردەکردنی وزەی کەنداودا پاراستووە. بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندییە نزیکەکانی وڵاتانی کەنداو لەگەڵ ئەمریکا، پەکین نیگەرانە لەوەی واشنتۆن فشار لەسەر وڵاتانی کەنداو دروستبکات بۆ ڕێگرتن لە ڕۆیشتنی نەوت بۆ چین. ئەم نیگەرانییە گرنگیی ئێران زیاتر دەکات، کە چین بە خۆڕاگریی زیاتر لە بەرانبەر سیاسەتی ئەمریکا دەیبینێت. لە هەمان کاتدا سزاکانی ئێستای ئەمریکا بۆ سەر ئێران وا لە چین دەکات کە زیاتر پشت بە وڵاتانی عەرەبیی کەنداو ببەستێت. هاوردەکردنی نەوتی چین لە سعودیەوە لە مانگی ئابی ٢٠١٨ لە ٩٢١ هەزار و ٨١١ بەرمیل لە ڕۆژێکدا بۆ ١,٨٠٢ هەزار و ٧٨٨ بەرمیل لە مانگی تەمموزی ٢٠١٩ بەرزبووەتەوە (Lons, 2019). ئەمە گوزارشتە لە گەشەکردنی ئێستا و ئایندەی پەیوەندیی چین لەگەڵ وڵاتانی کەنداو.

**وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین چۆن سەیری چین دەکەن؟**

توانای چین بۆ وەبەرهێنان و بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا سەرنجی بەرچاوی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕاکێشاوە. بۆ نموونە وڵاتانی کەنداو هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ ئەوەی بەشداری لە دەسپێشخەریی پشتێنە و ڕێگا (BRI) و ڕاکێشانی بازرگانیی چینی بکەن. زۆرێک لەم دەوڵەتانە چین وەک دەرفەتێکی بەسوود بۆ هەمەچەشنکردن نەک تەنها لە ڕووی ئابوورییەوە بەڵکوو لە ڕووی سیاسیشەوە لە کەمکردنەوەی پشتبەستن بە ئەمریکادا دەبینن. کاردانەوەی واشنتۆن بەرانبەر بە هێرشەکانی ئەم دواییەی ئێران لە کەنداو، بە تایبەتی ئامادەنەبوونی بۆ بەکارهێنانی هێز متمانەی وڵاتانی کەنداوی بە گەرەنتیی ئەمنی ئەمریکا خستۆتە ژێر پرسیارەوە. ئەمەش دواجار وایکردووە کە بەشێک لەم وڵاتانە بەدوای هاوبەشی تر و جێگرەوەدا بگەڕێن، کە چین، یەکێکە لە بژاردە بەهێزەکانیان، بە تایبەت کە چین کەمتر ڕەچاوی پرسەکانی مافی مرۆڤ و ڕێنماییەکانی چەکفرۆشی دەکات و لە ناوەخۆشدا گوشاری لەسەر نییە کە پەیوەندی لەگەڵ کێدا دەبەستێت.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ئاگاداری سنووردداربوونی دەسەڵات و هێزی چینن وەک دابینکەرێکی ئاسایش، کە نابێتە جێگرەوەی ئەمریکا، هەر بۆیە بەردەوام دەبن لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا. تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە ئەمریکا بە ڕاستەوخۆیی گوشار لە دۆستەکانی بکات سەبارەت بە سنووردارکردنی پەیوەندی لەگەڵ چین، بۆ نموونە، دوای ئەوەی ئەمریکا نیگەرانیی خۆی دەربڕی سەبارەت بە ئەگەری دەرئەنجامە ئەمنییەکانی زیادبوونی هاوکارییە تەکنەلۆژییەکانی نێوان ئیسرائیل و چین، (بەپێی زانیارییەکان) هەندێک لە کۆمپانیا ئیسرائیلییەکان لە گرێبەستەکان لەگەڵ کۆمپانیا چینییەکان پاشەکشەیان کردووە (Lons, 2019).

لە ڕاستیدا، بەشێکی زۆری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین چین زیاتر وەک دەرفەتێک دەبینن بۆ پەیوەندیی بازرگانی و دارایی گەشەپێدانی کەرتەکانی گەشتوگوزار و تەکنەلۆجیا و ژێرخان، کە لە ڕووی سیاسییەوە زۆریان لەسەر ناکەوێت. ئەمە جگە لەوەی کە لە ڕوانگەی دانیشتوانی ئەو وڵاتانە چین پێگەیەکی باشتری هەیە لە ئەمریکا. بۆ نموونە لە ڕاپرسییەکی پێوەرەکانی ڕای عەرەبی ( Arab Opinion Index) لە ساڵی ٢٠١٧ دەریدەخات کە لە ٣٢%ی عەرەبەکان حەزیان لە سیاسەتی دەرەوەی چین نییە بەرانبەر بە ناوچەکە، بە بەراورد بە ٧٩% حەز بە سیاسەتەکانی ئەمریکا ناکەن. لە ساڵی ٢٠١٦دا، لە کۆتایی ئیدارەی ئۆبامادا، ٤٢%ی عەرەبەکان حەزیان لە سیاسەتی دەرەوەی چینی و ٧٥٪ لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا نەبوو. بەپێی بارۆمێتری عەرەبیی ساڵی ٢٠١٣، عەرەبەکان خواستێکی بەهێزتریان هەبووە بۆ پەیوەندیی ئابووریی باشتر لەگەڵ چین (٥٩٪) لەچاو ئەمریکا (٤٩٪). دیسان بەپێی ڕاپرسی ڕای گشتیی عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١دا ٢٣٪ عەرەبەکان چینیان وەک تاکە زلهێزی جیهان پێ باشترە لە کاتێکدا تەنها ٧٪ ئەمریکایان پێ باشترە (AfricaFriedrichs, 2019).

لەگەڵ زیادبوونی ڕۆڵی ئابووریی چین لە MENA، نیگەرانیی زۆریش هەیە لە مەرجەکانی قەرز و وەبەرهێنان لەگەڵ چین، کە دەوڵەتانی دیکە بەزەحمەت توانیویانە بەرگەی بگرن. دۆسیەی سریلانکا یەکێکە لە نموونە بەرچاوەکان. بەهۆی ئەوەی قەرزی گەورەی بۆ پرۆژە ژێرخانییە گەورەکان وەرگرتبوو، نەیتوانی قەرزەکەی لە کاتی خۆی بداتەوە. لە ئەنجامدا کۆمپانیای چاینا مێرچانتس پۆرت هۆڵدینگز ( China Merchants Port Holdings) هەڵسا بە بەکرێدانی بەندەری هامبانتۆتای بۆ ماوەی نەوەد و نۆ ساڵ. دیسان ماڵدیڤ لە ژێر پابەندبوونی قەرزی زۆری چیندایە؛ بە جۆرێک کە لەسەدا ٧٠ی قەرزە نیشتمانییەکانی لەگەڵ چیندایە و لەسەدا ١٠ی بودجەی نیشتمانییەکەی بۆ گەڕاندنەوەی قەرزەکانی چین تەرخانکراوە. ڕەنگە ئەمە کەمتر پرسێک بێت بۆ وڵاتانی کەنداو، بەڵام دەوڵەتە هەژارەکانی دیکەی MENA ڕەنگە وەرگرتنی قەرزی چینی بۆ پرۆژەکانی BRI کێشەی زۆر دروستبکات و بەو پێوەرە سەیری پرۆژەکە بکەن (Fluton, 2019). ئەم دۆخە جۆرێک ترس و بێمتمانەیی لای وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دروستکردووە بەرانبەر سیاسەتەکانی چین کە لەوانەیە دوای ماوەیەک متمانەی چینییەکانیش بە هەمان دۆخی متمانە بە سیاسەتی ئەمریکییەکان ببات.

## باسی دووەم/ پاڵنەری پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ عێراق

پەیوەندیی چین و عێراق مێژووەکەی بۆ ٢٥ ئۆگستی ساڵی ١٩٥٨ دەگەڕێتەوە. کاتێک چین پاڵپشتیی گۆڕینی ڕژێمی حکوومەتی عێراقی کرد لە دەسەڵاتی پاشایەتییەوە بۆ کۆماری، دواتر لە ماوەی نەوەدەکاندا کاتێک چین لە ڕووی ئابوورییەوە سوودی لە "بەرنامەی نەوت بەرانبەر خۆراک" وەرگرت لە عێراقدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی ١٩٩٠ چین پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ عێراقدا ڕاگرت بە هۆی داگیرکاری سەدام بۆ سەر کوێت، هەناردەکانی تەنیا لە سنووری پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان هێشتەوە کە بە پرۆگرامی نەوت بەرانبەر خۆراک ناسراوە. لە دوای ٢٠٠٣ چین دیسان هاتەوە بۆ عێراق، لە هەمان ساڵ سەرۆکی کۆمار مام جەلال سەردانی چینی کرد و لە ساڵی ٢٠٠٧ یش وەزیرەی دەرەوەی ئەوکات وشیار زێباری سەردانی پەکینی کرد (سفارة جمهورية الصين الشعبية لدى جمهورية العراق، ٢٠١٣/١١/٤).

یەکێک لەو پرۆژە گەورانەی پەیوەندیی چین و عێراقی پتەوتر کردووە پرۆژەی پشتێن و ڕێگای چینە کە بە ڕێگای ئاوریشم ناسراوە. لە ساڵی ٢٠١٩ عێراق بووە یەکێک لە هاوبەشەکانی چین لە دەستپێشخەریی "پشتێن و ڕێگا" و هەردوو وڵات ڕێککەوتنێکیان لەو بارەوە واژۆ کردووە. دەستپێشخەریی " پشتێنە و ڕێگا" ئامانجی بنیادنانی پرۆژەی ژێرخانی دەریایی و وشکانییە، هەروەها بەستنەوەی چین بە ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقا، بەڵام ڕۆژئاوا وەک ئامرازێک بۆ بەرزکردنەوەی نفوزی چین لە وڵاتە هەژارەکاندا دەیبینێت و بانگاشەی ئەوە دەکات کە ئەم پرۆژانە دەبنە هۆی کەڵەکەبوونی قەرزی گەورە لەسەر ئەو وڵاتانە. ئەمە جگە لەوەی ڕۆژئاواییەکان گومانیشیان لە گەندەڵی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ هەیە، کە چینییەکان لە پرۆژە و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی وەک عێراق ڕەچاوی‌ناکەن. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی چین لە لێدوانێکی ئاژانسی فرانس پرێس وتی: "چین بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری دەکات لە بنیادنانەوەی ئابووریی عێراق"، جەختیشی لەوە کردەوە کە بەغدا "هاوبەشێکی گرنگە" لە دەستپێشخەریی " پشتێنە و ڕێگا." لە چوارچێوەی ئەم دەستپێشخەرییەدا، "عێراق وەک سێیەم هاوبەشی گرنگ"ی چین لە کەرتی وزە "لە نێوان ساڵانی ٢٠١٣ بۆ ٢٠٢٢" ماوەتەوە، وەک لە ڕاپۆرتێکی کریستۆف نێدوبێل بۆ سەنتەری گەشەپێدان و دارایی سەوز لە زانکۆی فودان لە شەنگەهای ئاماژەی پێکراوە ( فرانس ٢٤، ٢٠٢٢/١١/٢٢)٠ ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان هەردوو وڵات لە گەشەکردندایە و لە ساڵی ٢٠٢٠دا گەیشتووەتە ٣٠ ملیار دۆلار. بە سەرنجدان بە گرنگی بنیادنانی ژێرخانی ئابووری، زۆرێک لەو پرۆژانەی چین کە لەم بوارەدا ئەنجامیدەدات، دەکەونە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەی کە لە ساڵی ٢٠١٩ لە نێوان هەردوو وڵات لە ژێر ناوی "ئاوەدانکردنەوە لە بەرانبەر نەوتدا" واژۆ کراوە. کۆمپانیا چینییەکان ئێستا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە عێراقدا کار دەکەن و ئامادەبوونیان لە زۆربەی وڵاتانی تری ناوچەکە زیاترە. لە شاری ناسریە لە باشووری عێراق کۆمپانیای پاوەر چین پرۆژەی دروستکردنی هەشت هەزار قوتابخانە بە کۆی گشتی لە سێ قۆناغدا جێبەجێ دەکەن، قۆناغی یەکەمیش هەزار قوتابخانە لە ١٥ پارێزگاری عێراق دەکرێتەوە.

بەهێزبوونی پێگەی چین زیاتر بۆ دوای ٢٠١١ دەگەڕێتەوە کە ئەمریکییەکان بڕیاری جێهێشتنی عێراق دەدەن. دواتریش چین پێگەی خۆی لە ناوچەکە بەهێزتر کرد کە جۆ بایدن سەرۆکی ئەمریکا بە فەرمی لە ٢٠١٨ کۆتایی بە ئەرکی شەڕکەری ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان هێنا و دواتریش تاڵیبان دوای دەرچوونی ئەمریکا کۆنترۆڵی ئەفغانستانی کردەوە.

لە ڕووی کلتووریشەوە چین کار لەسەر پەرەپێدانی زمانی چینی لە عێراقدا دەکات. لێرەوە "کۆمەڵەی دۆستایەتی عێراق و چینی، کە لە ساڵی ٢٠٢١ دامەزراوە پەیمانگایەکی بۆ فێرکردنی زمانی چینی لە بەغدا دامەزراندووە (الحرة، ٢٠٢٢). کورسییەکانی خوێندن بۆ ئەو خوێندکارانە تەرخانکراون کە ئارەزووی تەواوکردنی خوێندنیان لە چین هەیە، هەروەها ئەو بازرگانانەش کە کاڵاکانیان لەم وڵاتە هاوردە دەکەن[٢].

پەیوەندییەکانی نێوان پەکین و بەغدا لە سەردەمی عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، لە ساڵی ٢٠١٩ گەشەی زۆری کرد (فاینێنشاڵ تایمز، ٢٠٢٢/٢/٢). ئێستا عێراق سێیەم گەورەترین هەناردەکاری نەوتە بۆ چین. بەرپرسانی عێراقیش حەزیان لە دەستەبەرکردنی وەبەرهێنانی چینی بوو بۆ یارمەتیدانی

گەشەپێدانی ژێرخانی تێکچووی عێراق، چونکە لە دەرەوەی کەرتی نەوت و گاز، زۆرێک لە کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان ئامادە نەبوون وەبەرهێنان لە عێراقدا بکەن، کە بەدەست ناسەقامگیریی سیاسی و هێرشی توندوتیژییەوە دەینالاند.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢، پەکین هێزی نەرمی خۆی زیاتر برەوپێدا کاتێک دروستکردنی هەزاران قوتابخانە و سەنتەری چاودێریی تەندروستی و خانووی ڕاگەیاند کە لە ململانێ یەک لە دوای یەکەکانی عێراقدا وێرانبوون. بە گوتەی بەرپرسانی عێراق، عێراق پێویستی بە کۆی گشتی هەشت هەزار قوتابخانە هەیە بۆ ئەوەی "بۆشایی کەرتی پەروەردە پڕبکاتەوە". چین بڕیاری داوە بەشێکی زۆری ئەو قوتابخانانە - دروستبکات بۆ ئەوەی بەشدار بێت لە پەروەردەکردنی ملیۆنان منداڵ. هەروەها نزیکەی ٩٠ هەزار خانوو لە شاری سەدر دروستدەکات؛ باشترکردنی ئاوەڕۆی بەغدا؛ دروستکردنی فڕۆکەخانەیەک لە شاری ناسریە لە عێراق؛ و دروستکردنی هەزار کلینیکی چاودێریی تەندروستی لە سەرتاسەری وڵاتدا- هەموو ئەمانە بۆ پەرەدانە بە نەوتی عێراق (Shahwan, 2022).

چین بوونێکی بەهێزی لە عێراقدا هەیە، بەو پێیەی کۆمپانیای ڕۆسنەفت کە سەر بە ڕوسیای هاوپەیمانەکەیە، بە شێوەیەکی کاریگەر ژێرخانی تایبەت بە دەرهێنانی نەوت و گاز لە باکووری وڵات بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق کۆنترۆڵ دەکات. لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢ وەزیری دارایی عێراق ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی دەستیکردووە بە هەناردەکردنی ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی خاو لە ڕۆژێکدا بۆ پەکین (أویل برایس، ٢٠٢٠). دەکرێت کە بڵێین عێراق پێگەیەکی جوگرافیی لەباری لە ناوچەکەدا هەیە، کە وا دەکات لە زۆر ڕووەوە بۆ چین گرنگ بێت. عیراق دەکەوێتە باکووری کەنداوی عەرەبی و ئێران و وڵاتانی کەنداو بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لەوێش بۆ ئەوروپا لە ڕێگەی تورکیاوە و ئەمەش وایکردووە چین عێراق بخاتە ناو پرۆژەی "ڕێگای ئاوریشم"ەوە.

هاوکاریی عێراق لە رووی وزەوە بۆ چین بەردی بناغەی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانیان بووە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨١، کاتێک کۆمپانیای ئەندازیاری و بیناسازیی نەوتی چین (CPECC) لە عێراقدا کاری کردووە، بەڵام بەرزکردنەوەی پەیوەندییەکان بۆ "هاوبەشییەکی ستراتیژی" لە ساڵی ٢٠١٥دا خاڵێکی وەرچەرخان و نیگەرانیش بوو بۆ ئەمریکا (ألجی، ٢٠٢٢/٤/١٤). هەناردەکردنی نەوتی خاوی عێراق بۆ چین بە ٤٤٪ی کۆی هەناردەکردنی نەوت مەزەندە دەکرێت. ململانێ لەنێوان ئەمریکا و چین لەسەر عێراق هەیە و، چین بەدوای ڕاکێشانی عێراق بۆ بەشداریکردن لە ڕێگای ئاوریشمدا دەگەڕێت، بە تایبەتی کە بەندەری گەورەی فاو هاوبەشی سەرەکییە لەم پرۆژەیەدا (فایننشال تایمز، ٢/٢/ ٢٠٢٢). ئامانجی سەرەکیی پەکین لە عێراق ڕێگای ئاوریشمە، چونکە دەتوانێ نەوت لەلایەن چینەوە لە هەر وڵاتێکی دیکەوە وەربگیرێت، هاوکات پرۆژەی ڕێگای پشتێنە تێچووی گواستنەوە زۆر کەمدەکاتەوە و ڕەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت لەسەر ئەو کەلوپەلانەی کە لە چین هەناردەی ئەوروپا دەکرێت، هەروەها ڕکابەرییەکە واقیعی دەبێت. ئەگەر ڕێگای ئاوریشم تەواو بوو، کەشتییە چینییەکان دێنە بەندەری فاو و بارەکانیان دادەبەزێنن و بە ڕێگای شەمەندەفەر کە پێی دەوترێت بەندەری وشک، دەیانگوازنەوە بۆ دەریای ناوەڕاست یان بۆ تورکیا.

عێراق پێویستی بە ٨٨ ملیار دۆلار هەیە بۆ پێداویستییەکانی ئاوەدانکردنەوەی دوای نەهێشتنی داعش، ئەمەش دەرفەتێکی گەورەیە بۆ پەکین بۆ ئەوەی لە ڕێگەی وەبەرهێنان و بیناسازییەوە زۆرترین ئامادەیی خۆی بەدەستبهێنێت. لە کاتێکدا قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی دوو قۆڵی لە ساڵی ٢٠١٨ گەیشتە ٣٠ ملیار دۆلار، لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١دا قەبارەی بازرگانیی نێوان هەردوو وڵات ١٦ ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە (ألجی، ٢٠٢٢/٤/١٤). بە پێچەوانەی دەستپێشخەرییەکانی هێزی ڕەقی ئەمریکا، چین ستراتیژییەکانی هێزی نەرم لە عێراق بەکاردەهێنێت، بە تایبەتی لە ڕووی وەبەرهێنانی ئابووری و سیاسەتی دەستوەرنەدان لە کاروباری سیاسی. چین لەم دواییانەدا لە ڕێگەی هەوڵەکانی نێوەندگیری و پابەندبوونی بازرگانییەوە سەرمایەگوزاری لە وڵاتانی دوای شەڕ دەکات. لە ئاستی هەرێمییەوە دەکرێت بڵێین کە ستراتیژی چین دروستکردنی چوارچێوەیەکی جیۆپۆلەتیکییە لە ناوچەکە کە بەهۆیەوە هێزێکی هاوسەنگی نوێ لە دژی ڕۆژئاوا بە سەرۆکایەتی چین و ئێران

دروستبکات. مانگی ئاداری ساڵی ڕابردوو چین و ئێران ڕێککەوتنێکی هاوکارییان بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ واژۆ کرد و بەپێی ئەو ڕێککەوتنە چین بەڵێنیدا ٤٠٠ ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە ئابووریی ئێران بکات لە بەرانبەر دابینکردنی نەوتدا. ئەمە دەرگایەک بە ڕووی ئامادەیی چین لە ناوچەکە و عێراقدا دەکاتەوە. شاراوە نییە کە ئێران پەیوەندیی ئابووریی بەهێزی لە عێراق هەیە، ئەمە جگە لە توانای دەستوەردان لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق لە ڕێگای میلیشیا و هێزە سیاسییەکانەوە. پەکین دەزانێت کە ئێران ترسی لە ئەمریکا هەیە، ئەمەش دەرفەتێکە بۆ پەکین کە ئێران بکاتە هاوبەشێکی هەرێمی لە ناوچەکەدا.

بنەماکانی سیاسەتی چین لە عێراقدا دەتوانرێت لە چەند خاڵێکدا کورتبکرێنەوە:
١- دەستوەرنەدان یەکێکە لە پرەنسیپە گشتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی چین، بەو پێیەی چین وریایە لەوەی کە وڵاتانی ناوچەکە حەز ناکەن دەستوەردان بکرێت لە کاروباری ناوخۆییان.
٢ -چین پشتگیری لە سەقامگیری لە ستراکچەری سیستەمی دەوڵەتسالاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکات. ئەمە وانەیەکە کە چین دوای ئەوەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی لە لیبیا کەوتنە مەترسییەوە لە ڕێگای تێپەڕاندنی بڕیارنامەی ١٩٧٠ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە چینیش دەنگی پێدا. ئەمە دواجار بە گۆڕینی ڕژێمی موعەمەر قەزافی سەرۆکی پێشووی لیبیا کۆتاییهات.
٣ -چین گرنگی بە سروشتی سیستەمە سیاسییە حوکمڕانەکانی ناوچەکە نادات. چین لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکە هاوڕایە لە تێڕوانینیان بۆ پرسەکانی حوکمڕانی و دیموکراسی، بە پێچەوانەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی .(STRATEGIECS Team, 2022)
بە کورتی دەسپێشخەریی پشتێنە و ڕێگا –BRI و "هێزی نەرم"ی چین و هیوا گەشتیارییەکانی لە MENA ئاماژەن بۆ ئەوەی کە پەکین ئاواتەخوازە ڕۆڵێکی زیاتری ستراتیژی گرنگی لە ناوچەیەکدا هەبێت. خاڵێکی گرنگی دیکە ئەوەیە کە سیاسەتی چین بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بنەڕەتدا لەگەڵ دۆخی ئێستای ناوچەکەدا یەکدەگرێتەوە. چین پێدەچێت لە هاوبەشیکردن لەگەڵ ئیمارات و سعودیە و میسردا نەیەوێت ئەو سیستەمە لاواز و ناجێگیرەی کە هەیە تێکبدات. چین بە کارکردن لەگەڵ تورکیا و ئێران، ئاگاداری ئەوەیە کە پەیوەندیی پتەو لەگەڵ ئەو دوو وڵاتە لەوانەیە ببێتە هۆی تۆراندنی یاریزانە سەرەکییەکانی تری ناوچەکە (وەک وڵاتانی کەنداو) هەڕەشە لەو دەستکەوتانە بکات کە تا ئێستا بەدەستیهێناوە، بۆیە هەمیشە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ لایەنە ناکۆکەکان دەکات.

### باسی سێیەم/ چین وەک زلهێزێکی نوێ لە هەرێمی کوردستان

پەیوەندیی نێوان چین و کورد لە ڕاپەڕینی کەرکوک لە ساڵی ١٩٥٩ دەستیپێکرد. واتە لە یاخیبوونی مانگی تەموزدا لە دژی حکوومەتی ناوەندیی عێراق، چین ئەوکات پاڵپشتی خەباتی کوردی لە دژی بەغدا کرد. لەگەڵ کۆتاییهاتنی یاخیبوونەکە لە ساڵی ١٩٧٥، پەیوەندییەکانی نێوان چین و عێراق زیاتریش گەشەی کرد. بە تایبەت کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە عێراق بووە بازاڕێکی دیاری پیشەسازیی چەکی چین، بە جۆرێک کە هەندێک لەو چەکە چینیانە لەلایەن سەدامەوە دژی کورد بەکارهێنران. جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ ماو تزی تۆنگ و چین هەبوو بە جۆرێک کە بە "نموونەی سیاسی" خۆی دەزانی. لە ساڵی ١٩٥٥ تاڵەبانی وەک سەرۆکی شاندێکی خوێندکارانی سۆسیالیستی عێراقی لەگەڵ چو ئینلای، سەرۆکوەزیرانی چین لەو کاتەدا کۆبووەوە. یەکەم پرۆژەی بیناسازی کە لە کوردستان بەخشرایە چینییەکان لە ناوچەی یەکێتی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چین دواکەوت لە کردنەوەی قونسوڵخانە لە هەرێمی کوردستان و دوایین ئەندامی پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بوو کە کونسوڵخانەی گشتی خۆی لە ساڵی ٢٠١٤ لە هەولێر کردەوە (Anderson , 2007).

ڕووخاندنی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣دا سەرەتایەک بوو بۆ دەرکەوتنی پێگەی کورد و هاتنەڕۆژەڤی سەربەخۆیی سیاسیی هەرێمی کوردستان، دواتریش زاڵبوونیان بەسەر ناوچەیەکی گەورەی نەوت و گازی سروشتی، ئەمەش پارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی چینییەکان دووبارە بە سیاسەتەکەیان داپچنەوە بەرانبەر هەرێمی کوردستان. جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی ئەوکاتی عێراق و سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە سەرسام بوو بە ماویزم، سەرەتای مانگی ئابی ٢٠٠٣ سەردانێکی نافەرمی بۆ چین کرد و پەیوەندی لەگەڵ چین دروستکرد. بەشداریکردنی دپلۆماسیانەی تاڵەبانی کاریگەریی باشی هەبوو لە بەرزبوونەوەی ناوبانگی نیشتمانیی پێگەی کورد لە سیاسەتی چیندا. بە تایبەت دوای ئەوەی کە کورد لە هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ١ی ٢٠٠٥دا ٧٥ کورسی پەرلەمانی مسۆگەر کرد، ئەم ڕووداوانە سەرنجی بەرپرسانی چینیان ڕاکێشا، بۆ نزیکبوونەوە لە هەرێمی کوردستان (Akçay, 2018).

لە مانگی ئاياری ٢٠٠٥ سەرۆکی هەرێمی کوردستان (مەسعود بارزنی) بوو چاوی بە بالیۆزی چین کەوت لە عێراق و ئەویش بانگێشتی بارزانی کرد بۆ ئەوەی سەردانی چین بکات. لە میانەی چاوپێکەوتنەکەدا باڵیۆزی چین وتی: کە ئەوان ڕێز لە قوربانی و تێکۆشانی گەلی کورد دەگرن لە عێراقدا، هەروەها وتی: کە گرنگیی پەیوەندی نێوان پارتی دیموکرات و پارتی کۆمۆنیستی چینی فراوانتر بێت، بەڵام وەک تێبینیدەکرێت دیارە چینییەکان زیاتر دەیانویست پەیوەندی لەسەر بنەمای حزبی بێت نەک وەک لەنێوان حکوومەتی هەرێم و کۆماری چین (Akçay, 2018). ئەمە نزیکە لەو سیاسەتەی کە هەر یەکە لە تورکیا و ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێم دەیگرنەبەر.

وەرچەرخانی سەرنجی چین لەسەر کورد دەکرێت بگەڕێتەوە بۆ چەند پرسێک. یەکەم: پرسی کورد وەک کارتێک لە دژی تورکیا کە تا ئێستاش میوانداریی چالاکوان و ڕێکخراوە جوداخوازەکانی ئویگور (Uyghurs) دەکات. لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکانەوە پەکین فشاری خستۆتە سەر ئەنقەرە بۆ سنووردارکردنی چالاکیی جوداخوازیی ئویگۆر لە خاکەکەیدا. پەکین کە بە تەواوی ئاگاداری پرسی کوردە لە سیاسەتی ناوخۆ و سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا، دەتوانێت کەڵک لە کارتی کورد وەربگرێت بۆ ئەوەی گوشاری زۆرتر لە ئەنقەرە بکات. پەکین لێکچوونی نێوان ئویگور و کورد بەکاردەهێنێت و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ئەگەر ئەنقەرە بەردەوام بێت لە پشتیوانیکردنی ئویگورەکان، ئەوا پەکینیش پشتیوانی کورد دەکات. بە ئاماژەدان بە کورد، کاتێک جیانگ زێمین سەرۆککۆماری چین لە مانگی نیسانی ٢٠٠٠ سەردانی تورکیای کرد، وتی: "هەردوو وڵات لە بەردەم ئەرکی پاراستنی یەکێتیی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاکمانین، هەردووکمان دژایەتی هەموو جۆرە تیرۆریزمێکی نێودەوڵەتی و جوداخوازیی نەتەوەیی و توندڕەویی ئاینی دەکەین"، کە مەبەستی کورد لە تورکیا و ئیگوار و تایوان لە چین بوون (Shichor, 2006). پرسێکی تر لە پەیوەندیی چین لەگەڵ هەرێم لەوانەیە بوونی ئەمریکا بێت لە عێراق و هەرێمی کوردستان، کە چینیش دەیەوێت جێگای خۆی بکاتەوە. سێیەم: چین چاوی لە کەرتی وزەی هەرێمی کوردستانە کە مەزەندە دەکرێت ٤٥ ملیار بەرمیل یەدەگی نەوتی هەبێت (بێجگە لە کەرتی گاز کە هێشتا پەرەپێنەدراوە)، بە تایبەت لە لە ٢٠٠٥ تا ٢٠١٧ کە هەرێمی کوردستان لە بەغدا بەهێزتر بوو، پێشبینی ئەوە دەکرا هەرێم کۆنترۆڵی بازاڕی وزە بکات لە بری عێراق، چونکە عێراق ئەوکات ناسەقامگیر بوو. (Shichor, 2006).

ژمارەی هاوڵاتیانی چین لە هەرێمی کوردستاندا بەردەوام لە زیادبووندایە. کۆمپانیای سینۆپێک پێشتر وەبەرهێنانی بەرچاوی لە هەرێم بەدەستهێنابوو بە کڕینی کۆمپانیای ئەداکس پترۆلیۆم Addax Petroleum لە ساڵی ٢٠٠٩. هەروەها کۆمپانیا چینییەکانی وەک هواوی، سینۆما-سوژۆ، و سی ئێم ئیک وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دەکەن. سینۆما-سوژۆ بڕی ١٣.٤ ملیۆن دۆلار لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنانی کردووە. سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان، لە ٢٢-٠١-٢٠٢٣، ڕایگەیاند: "گرووپی کۆمپانیاکانی گێژۆبای چینی بە نیازە لە داهاتوودا لە هەرێمی کوردستان بە بڕی ١٠ ملیار دۆلار وەبەرهێنان بکات، کە بێگومان زیاتر لەبواری ژێرخانی ئابوورییەوە دەبێت ". هەڵبەتە جگە لە بواری نەوتی، ئەوە یەکەم کۆمپانیایە بەو قەبارە گەورەیە

وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بکات (ڕووداو (٢٠٢٣/١/٢٢)). بەڵام ئەوە هیچ لە ڕوانگەی چین ناگۆڕێت لەبارەی سەربەخۆیی و جیابوونەوە کە چین وای دەبینێت هۆکارن بۆ شەڕ و ناسەقامگیری لە جیهاندا. هەرچەندە هەندێک سەرچاوە دەڵێن کە پێش ٩/٢٥ ٢٠١٧ واتە پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم جۆرێک لە تێگەیشتن هەبوو بەرانبەر جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان بە هۆکاری گەشەکردنی دیپلۆماسیەتی هەرێمی کوردستان و بوونی سەرچاوەی وزە کە بتوانن هاوکاری ئابووریی هەرێمی کوردستان بکەن (Shichor , 2006). چین لە ساڵی ٢٠١٤ کۆنسوڵگەریی گشتیی خۆی لە هەرێم کردەوە، دیارە هەرێمی کوردستانیش بەنیازە نوینەرایەتیی خۆی لە چین بکاتەوە، بەڵام هەندێک سەرچاوە دەڵێن کە چین داوای کردووە هەرێمی کوردستان تەنیا نوێنەرایەتییەکی ئابووری/ بازرگانی هەبێت نەک سیاسی (سەردار عەزیز، ٧/ ١٢/ ٢٠٢٢). دوای کردنەوەی کونسوڵخانەکە، چین پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە ئەکتەرێکی لاوەکیی نزمەوە گۆڕی بۆ هاوبەشییەک کە پەیوەندییەکی فرەلایەنەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەستپێکرد، کونسوڵخانەی چین لەسەر ئاستی کۆمەڵگای مەدەنی و میدیا و هەروەها زانکۆکانیش پەیوەندی باشی هەیە لە هەرێمی کوردستاندا.

چین لە ڕێگای کونسوڵخانەوە لەگەڵ نوخبە جۆراوجۆرەکانی کوردستان پەیوەندی دەکات، لەوانە کادیری حزب، کەسانی بازرگانی، ئەکادیمیست، خوێندکار، و ڕۆشنبیران. واتە پەیوەندیی چین لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە دوو قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە ( .(Sardar Aziz, 2022). قۆناغی یەکەم خاڵی دەستپێک دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ماوییەکان کە چین بە چاویلکەیەکی ئایدیۆلۆژییەوە سەیری سیاسەتی دەرەوەی دەکرد. قۆناغی دووەم، چینی سەرمایەدارییە، وڵاتێکی دەستگرتوو بەسەر پیشەسازی و بازاڕ لە جیهاندا، وزە، کەرەستەی خاو...تاد، بۆیە دەتوانین بڵێین کە چین و هەرێمی کوردستان و نوخبەی سیاسیی کورد مێژوویەکی جیاوازیان هەیە کە وەک عێراق نییە.

کۆمپانیا چینییەکان چەندین کارگەیان لە هەرێمی کوردستان دروستکردووە، وەک کارگەی چیمەنتۆ، کارگەی پۆلا، کارگەی ڕیسایکلکردن، هەروەها چینییەکان بەشدارن لە گەڕان بەدوای نەوت و گاز، هەروەها پڕۆژەکانی پەیوەندیکردن و هەردوولا گفتوگۆ لەسەر هەندێک پرۆژەی هاوکاری دەکەن، وەک سەرچاوەکانی ئاو، کارەبا، و پاڵاوگەی نەوت و پرۆژەی دیکە (ڕووداو،٢٠٢١/٩/٢٩). سەرەڕای وەبەرهێنانی سنووردار لە کەرتەکەدا، کەرتی وزەی حکوومەتی هەرێم بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشتگیری لە بازرگانی و ژێرخانی چین دەکات. بەهۆی سیستەمی ڕێنتیەری لە هەرێمی کوردستان کە زۆربەی هەرەزۆری کاڵاکانی هاوردە دەکات، چین یەکێکە لە پێشەنگەکانی دابینکەرانی کەلوپەلی بازاڕەکانی حکوومەتی هەرێم بە تایبەت کەلوپەلی نرخ نزم، شانبەشانی ئێران و تورکیا. بەگوێرەی سەرچاوەیەکی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، ٧٠-٨٠ کۆمپانیای تۆمارکراو لە حکوومەتی هەرێم کەلوپەلی چینی هاوردەی هەرێم دەکەن (ڕووداو، ٢٠٢١/٩/٢٩).

هاوشێوەی بەشەکانی تری عێراق، پەیوەندیی چین لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەمەچەشنە. هەر لەم دواییانەدا وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان و گرووپی نێودەوڵەتیی پاوەرچاینا یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان بۆ دروستکردنی چوار بەنداو لە ناوچەکەدا واژۆکرد. لە چاوپێکەوتنێکدا بێگەرد تاڵەبانی وەزیری کشتوکاڵ و ئاوی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، کۆمپانیایەکی چینی گرێبەستێکی باشتری پێشکەشکرد  بە تێچووی کەمتر لەسەر حکوومەتی هەرێم دەکەوێت. لە ساڵی ٢٠٢٠ چین پرۆژەیەکی گەشەپێدان و نیشتەجێبوون و کات بەسەربردنی لە هەولێر بە بڕی ٥ ملیار دۆلار بە ناوی شاری بەختەوەر (happy city) واژۆکرد، کە یەکێک دەبێت لە پرۆژە دیارەکانی شاری هەولێر (Aziz and Shareef, 2022).

بۆ هەرێمی کوردستانیش ئامادەیی چین لە هەرێمی کوردستان وەک زلهێزێک و وەک ئەندامێکی ئەنجوومەنی ئاسایش گرنگە بۆ پێگەی دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان، بەڵام دوای حەوت ساڵ لە کردنەوەی کونسوڵخانەی گشتیی چین لە هەولێر، تا ئێستا حکوومەتی هەرێم ئۆفیسێکی لە پەکین نەکردووەتەوە. نوخبە بڕیاردەرەکان ئەم پرسە بە شێوازی جیاواز ڕووندەکەنەوە. گوایە  لە ساڵی ٢٠٠٧ هەرێمی کوردستان داوای کردنەوەی نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستانی لە چین کردووە، بەڵام بەرپرسانی چین بە جەلال تاڵەبانی

سەرۆککۆماری عێراقیان وتووە حکومەتی هەرێم تەنها دەتوانێت ئۆفیسێکی بازرگانی بکاتەوە کە لەژێر ناوی کۆمپانیایەکدا تۆمارکرابێت (Aziz and Shareef, 2022). لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین کە سەرەڕای بوونی بەرژەوەندیی ئابووریی هاوبەش لە نێوان چین و هەرێمی کوردستاندا، بەڵام چین لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا زیاتر مەیلی بەلای پەیوەندیی ئابوورییە تا پەیوەندیی سیاسی.

پەرەسەندنی پەیوەندییەکان لەگەڵ چین پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی حکوومەتی هەرێمەوە هەیە. لە ساڵی ٢٠١٤ کاتێک چین کونسوڵخانەکەی لە هەولێر کردەوە، هەوڵەکان بۆ زیادکردنی هاوردەکردنی نەوت بۆ چین لە کێڵگە نەوتییەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمەوە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد. بە جۆرێک هەندێک جار مانگانە زیاتر لە ٢ ملیۆن بەرمیل نەوت لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە لە ڕێگەی بەندەری جەیهانەوە هاوردەی چین دەکرا. هەرچەندە ئەم ژمارەیە بڕێکی کەمە بۆ چین کە گەورەترین هاوردەکاری نەوتی جیهانە و ساڵانە زیاتر لە ٥٠٠ ملیۆن تۆن نەوتی خاو هاوردە دەکات، بەڵام بە مانای داهاتێکی بەرچاوی ئابوورییە بۆ حکوومەتی هەرێم کە تاڕادەیەکی زۆر وابەستەی ئەو نەوتەیە کە لە ڕێگەی بەندەری جەیهانەوە دەستیدەکەوێت (Çalışkan, 2021).

یەکێک لە داینامیکی پەیوەندییەکانی چین و حکوومەتی هەرێم ئەو وەبەرهێنانانەیە کە چین زیاتر لە هەولێر کردوویەتی بۆ بەهێزکردنی بوونی خۆی لە هەرێمی کوردستاندا. لە میانی دیداری مسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کونسوڵی گشتیی چین لە هەولێر، ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە چین ئامادەیە وەبەرهێنان لە حکوومەتی هەرێم بکات. کونسوڵی گشتیی چین لە هەولێر جەختی لەوە کردەوە کە هاوکاریی بازرگانیی نێوان هەردوو لایەن بۆ ئاستێکی بەرز گەشەی کردووە. ئەم هەماهەنگییە ئابوورییە بە جۆرێکە کە ئێستا زیاتر لە ٣٠ کۆمپانیای چینی و نزیکەی دوو هەزار هاووڵاتیی چینی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کار دەکەن (ڕووداو، ٢٠٢٢).

بەڵام بوونی پەیوەندیی ئابووری قووڵ دیسان مەترسیی زاڵبوونی پەکین بەسەر هەرێمی کوردستاندا زیاتر دەکات. یەکێکیان ئەوەیە کە پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم و چین هێشتا یەکلایەنەیە. بۆ ئەوەی حکوومەتی هەرێم لە کورتهێنانی بازرگانی و ئەگەری قەیرانی هەڵاوسان دووربکەوێتەوە، دەبێت هاوسەنگیی هاوردە و هەناردەکردن لە نێوان هەرێم و پەکین دابنێت، واتە باشترە سەرچاوەی دیکەی هەناردەکردن بدۆزرێتەوە جگە لە نەوت. مەترسی دووەم، گرژییە ناوخۆییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و عێراقە. ئەگەر ئایدۆلۆژیای سیاسیی چین لە ناوچەکەدا زاڵ بێت، ئەوە بە مانای بەرتەسکردنەوەی ئازادیی سیاسی، هەروەها سەربەخۆیی دێت، بەو پێیەی چین هەمیشە پاڵپشتیی مۆدێلی حوکمڕانیی مەرکەزی کردووە ( Malik, 2022)، بەڵام ئەمە فاکتەرێکی لاوازە، چونکە چین هەوڵی دەستوەردانی سیاسی نادات لە هەرێمی کوردستان.

- **ئایا چین بۆ هەرێمی کوردستان دەبێتە جێگرەوەی ئەمریکا؟**

تێگەیشتن لە چەمکی "دۆستی کەشوهەوای ناخۆش" foul-weather friend کە باش دەگونجێت بۆ پەیوەندیی چین و هەرێمی کوردستان گرنگە لە وێناکردنی ڕوانگەی سیاسەتی دەرەوەی چین بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان. چین وەک ڕکابەری سەرەکیی ئەمریکا لە جیهانیدا، هەوڵدەدات بوونی خۆی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا بەهێزبکات کە ئیدارەی ئەمریکا ئەکتەری پێشەنگە لە سیاسەت و ئابووری و ئاسایشی هەردووکیاندا. زیادبوونی کاردانەوەی چین بەرانبەر دەسەڵاتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و بە تایبەتتر لە عێراق و حکوومەتی هەرێم بێگومان دەبێتە هۆی ناکۆکیی بەرژەوەندییەکانیان لە داهاتوودا، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئیدارەی ئەمریکا بوارێکی بەرفراوانی کاریگەری لە ناوچەکەدا هەیە بە تایبەتی بۆ حکوومەتی هەرێم، ئەوە نیشانەی پرسیارێکی جدییە کە چین تا چەند دەتوانێت لەم کایەی کاریگەریدا تەنها بە ئامرازەکانی وەبەرهێنانی ئابووری و توخمەکانی هێزی نەرم هەبێت. هەرچەندە کەشوهەوای دۆستایەتی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ چین وەک پێویست نییە، پرسی ئەوەی تا چەند چین دەتوانێت دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ حکوومەتی

هەرێم بپارێزێت بەبێ ئەوەی دەسەڵاتی سەربازی خۆی لە جوگرافیایەکدا کە هێشتا ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەک داعش دەتوانن مەترسییەکی جددی دروستبکەن، جێگای مشتومڕە. دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاوبگرین کە لە بودجەی پنتاگۆن لە ساڵی ٢٠٢٠ بڕی ٢٥٠ ملیۆن دۆلار هاوکاری بۆ پێشمەرگە تەرخانکراوە، هەروەها بڕیار بوو لە ساڵی ٢٠٢١دا ١٦٦ ملیۆن دۆلاری تر هاوکاری بکرێت، لەو چوارچێوەیەشدا هەزاران ئۆتۆمبێلی سەربازی و تەقەمەنی تا ئێستا لەلایەن ئەمریکاوە ڕادەستی هێزی پێشمەرگە کراون. تەنانەت ئەم یارمەتییە لەوانەیە دواجار ئەو سنوورە دیارییکات کە حکوومەتی هەرێم چەندە دەتوانێت لە چین نزیکبێتەوە! جگە لەوەش لەدوای کوژرانی قاسم سولەیمانی، بەهێزکردنی بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان و ئەگەری گواستنەوەی باڵیۆزخانەی بەغدا بۆ هەولێر، هەروەها لە ئەگەری کشانەوەی ئەمریکاش لە ڕۆژئاوای کوردستان (ڕۆژهەڵاتی سوریا) بوونی ئەمریکا زیاتر بەهێزتر دەکات (Çalışkan, 2021).

لە سەرووی هەمووشیانەوە چین هەڵوێستێکی زۆر ڕوونی لە دژی سەربەخۆیی حکوومەتی هەرێم هەبوو، نیشانیداوە کە پاڵپشتیی ئەو هەنگاوە سەربەخۆییە ناکات کە حکوومەتی هەرێم دژی یەکپارچەیی خاکی عێراق دەیگرێتەبەر. ئەم هەڵوێستە نەرێنییە لە چینەوە لە ڕووی سیاسییەوە دەبێتە فاکتەری هێزێکی زۆر گرنگ بۆ ئەمریکا بۆ ئەوەی کاریگەرییەکانی لەسەر حکوومەتی هەرێم بەهێزتر بهێڵێتەوە بەرانبەر بە چین[٣].

لە ئەنجامدا دەتوانرێت بڵێین حکوومەتی هەرێم هەوڵدەدات بە وریایی لەنێوان هەردوولادا هەنگاو بنێت، هەرێم وەک ئەکتەرێک ئاگاداری کێبڕکێی جیهانیی نێوان ئەمریکا و چینە نایەوێت ببێتە بەشێک لەو ململانێیە. بەڵام لە درێژخایەندا دەسەڵاتی ئیدارەی ئەمریکا بەسەر سیاسەت و ئابووری و ئاسایشی حکوومەتی هەرێمدا هێڵێک دەکێشێت بە ژێر پەیوەندییەکانی حکوومەتی هەرێم لەگەڵ چین. ئەم دۆخە دەبێتە هۆی ئەوەی چین پرسیار بکات تا کەی دەتوانێت بە تەنها لە ڕێگای فاکتەری بازرگانی و پارە (هێزی نەرم) دوور لە بوونی سیاسی و سەربازی بوونی خۆی لە حکوومەتی هەرێمدا بپارێزێت، ئەمە لەوانەیە لایەنی حکوومەتی هەرێم ناچاربکات لە نێوان دوو ئەکتەری جیهانیدا یەکێکیان هەڵبژێرێت. دەکرێت بڵێین کاریگەریی ئێستای ئەمریکا لە ناوچەکدا بەس دەبێت بۆ ئەوەی حکوومەتی هەرێم لە بازنەی کاریگەری ئەمریکادا بمێنێتەوە. بۆیە سەرەڕای بوونی ئەمریکایەک کە هاتۆتە ناو هەموو حکوومەتی هەرێمەوە، پێدەچێت تا ڕادەیەک قورس بێت چین بتوانێت ببێتە هێزێکی باڵادەست بە تەنیا لە ڕێگای وەبەرهێنان و هاوکاریی کلتووریدا، بەڵام لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانیشە کە هێلکەکانی خۆی نەکاتە یەک سەبەتەوە، ئەگەر بەشێکی زۆر بچووکیش بێت لە دابینکردنی بەرژەوندییەکانی چین ئەوە سەرکەوتنێکە بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە هەر هیچ نەبێت لایەنێکی تری ناسراوت لە ئەنجومەنی ئاسایش بۆ زیاد دەبێت کە لەوانەیە گەر پاڵپشتیشت نەکات، بەڵام دژت نەبێت. هەرچەندە هەرێمی کوردستان ئەگەر سەرپشک بێت بە دڵنیاییەوە ئەمریکا هەڵدەبژێرێت، بەڵام لە ڕووی ئابوورییەوە هەرێمی کوردستان پێویستی زۆرتری بە چینە تا بە ئەمریکا، بۆیە چین وەک ئەکتەرێکی ئابووری و بازرگانیی چالاک دەمێنێتەوە لە هەرێمی کوردستاندا.

- **هەڵوێستی چین بەرانبەر ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان**

یەکێک لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی سیاسەتی چین لە دوای نەمانی ماو تزی تۆنگ، لە ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا، دژایەتیی جیابوونەوە و پاڵپشتی نەکردنە لە دروستبوونی قەوارەی سیاسیی نوێ. ئەم سیاسەتە ڕەنگدانەوەی پابەندبوون و سازشنەکردنی چینە لە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵاتان، بە پلەی یەکەم سەبارەت بە تایوان، دواتریش بە تبت، شینجیانگ و هەروەها مەنگۆلیا. بە هەمان شێوە چینییەکان لە بنەڕەتدا و بە شێوەیەکی فەرمی دژایەتیی بزووتنەوە جوداخوازەکان لە شوێنی دیکەش دەکەن، لەم دواییانەدا پێشنیازیان کردووە کە مەرج نییە چارەنووسی سیاسی تەنیا سەربەخۆیی نەتەوەیی لەخۆبگرێت، نەتەوە بێ دەوڵەتەکان مەرج نییە ببنە دەوڵەت (Shichor, 2006).

بۆ دڵنیابوون چینییەکان لە هیچ وێستگەیەکی سیاسی یارمەتیی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیان نەداوە، یان دژایەتیی بەکارهێنانی هێزیان لەلایەن حکوومەتەکانی تر دژی کورد نەکردووە (بە پلەی یەکەم تورکیا). سەرەڕای ئەوەش چینییەکان دان بەوەدا دەنێن کە داواکاریی کورد بۆ سەربەخۆیی یەکپارچەیی خاکی ئەم وڵاتانە و ئاسایشی نەتەوەیی دەخاتە مەترسییەوە. ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مافە یاساییەکانی کورد دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێت و بپارێزرێن، بەڵام تەنیا لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکی ئۆتۆنۆمی لە دەوڵەتە سەرەکییەکەدا. جیابوونەوە تەنیا دەبێتە هۆی شەڕ و تیرۆر دروستدەکات و لە کۆتاییدا لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە ڕەتدەکرێتەوە.

هەر لە سەرەتای دروووستبوونیەوە لە ساڵی ١٩٤٩ کۆماری گەلی چین بە توندی دژی بزوتنەوە جوداخوازەکان بووە لە دەرەوە، ترسان لەوەی نەبادا ئەمە کاریگەریی هەبێت لەسەر بزاڤە جوداخواز و ئۆپۆزسیۆنەکانی چین. چین بە ڕەسەمی وای دەبینێت کە جوداخوازی یەکێکە لە " سێ هێزە شەیتانییەکان" هاوتا لەگەڵ تیرۆریزم و توندڕەوی. ئەمەش زیاتر پەیوەندی هەیە بە هەڵویستی چین سەبارەت بە تایوان و تبت و شنجیانگ و مەنگۆلیا. سیاسەتی پەکین سەبارەت بە پرسی کورد بەشێکە لە سیاسەتی گشتیی وڵاتەکەی سەبارەت بە عێراق، کە ئەمەش لە بەرانبەردا بەشێکە لە سیاسەتەکەی بەرانبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی، کە لە بەرانبەردا بەشێکە لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی لەسەر ئاستی جیهانی. ناوەرۆکی سیاسەتی فەرمیی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پاراستنی ژینگەیەکی ناوچەیی سەقامگیر و ئارامە کە ئاسانکاری دەکات بۆ بەردەوامبوونی چاکسازی و گەشەپێدانی ناوخۆیی لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان (Chaziza , 2017).

پەکین بە فەرمی پشتیوانیی حکوومەتی ناوەندیی عێراقی کردووە لە هەوڵەکانی بۆ پاراستنی سەروەری و سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاک و بەرژەوەندیی هاوبەش لەسەر بنەمای پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان. هەروەها پشتگیری لە ئاشتەوایی نیشتمانی و هەوڵەکانی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دەکات. بەڵام چەندین بەرژەوەندی لە نێوان هەرێمی کوردستان و چیندا هەن. یەکەم: دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ و دۆست – بە تایبەتی دەوڵەتێک کە چین یارمەتیی دروستکردنی بدات– دەتوانێت هاوپەیمانێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئامرازێکی نوێی کاریگەری لە ناوچەکەدا بۆ پەکین دابینبکات. دووەم: سەرەڕای دژایەتیی فەرمیی پەکین بۆ بزووتنەوە جوداخوازەکان، کۆمپانیا چینییەکان پشکی بەهێزی وزە و ئابوورییان لە کوردستاندا هەیە، ئەمەش وایکردووە جیاواز بێت لە بزووتنەوەکانی دیکەی لەو جۆرە. سێیەم: کورد وەک هاوپەیمانێکی ناوچەیی متمانەپێکراو هەروەها سەرمایەیەکی بەنرخ دەبێت بۆ پەکین لە دژی داعش و ئەلقاعیدە. چوارەم: پرسی کورد هێزێک دەداتە چین لە دژی تورکیا، کە بەردەوام پشتگیریی جوداخوازان و ڕێکخراوە ئویگورەکان دەکات. پێنجەم لە هەمووی گرنگتر چین گرنگی بە کێڵگە نەوتییە دەوڵەمەندەکانی کوردستانی عێراق دەدات، کە دەتوانێت نەوت و بەرهەمەکانی بۆ چین دابینبکات (Chaziza , 2017).

هەڵوێستی پەکین سەبارەت بە پرسی کورد ئاڵۆزە. چین بە شێوەیەکی نەریتی پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ کورد هەبووە. بەڵام پەکین دژی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی تاکلایەنەی کوردە. دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی تەنیا لە حاڵەتێکدا پشتیوانی دەکات کە ڕەزامەندیی حکوومەتی ناوەندیی عێراق لە بەغدا و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە هەبێت. مەرج نییە هەڵویستی چین سەبارەت بە کورد هەروا بمێنێتەوە. پەکین دەتوانێت سیاسەتێک بگرێتەبەر کە لەیەک کاتدا ڕێگە بە سەرهەڵدانی کوردستانێکی سەربەخۆ بدات و لە هەمان کاتدا لە ئاستی گوتاری فەرمیش دژایەتی بکات. ئەو جۆرە ڕێبازە زۆرجار تاکتیکێکی باوی دیپلۆماسیی چینی بووە لە ناوچەکەدا.

پێش ئەوەی باس لە بوونی چین لە حکوومەتی هەرێم بکرێت. سەرەتا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە چین لە سیاسەتی دەرەوەدا مەیلی بەرەو پاڵپشتیی هیچ بزووتنەوەیەکی جوداخوازانە نییە. ئەم دیدگایە کە چین خستوویەتیەڕوو، بێگومان پەیوەندییەکی نزیک بە سیاسەتەکانی بەرانبەر تایوان و هەرێمی خۆسەری شینجیانگ ئویغور (تورکستانی ڕۆژهەڵات)ەوە هەیە. دوای ئەوەی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری گەلی چین

ڕایگەیاند کە حکومەتی هەرێم ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە ساڵی ٢٠١٧ ئەنجامدەدات، جەختی لەوە کردەوە کە ئەوان پشتگیری لەو ڕیفراندۆمە ناکەن کە باسی لێوە دەکرێت. ئەوان لەگەڵ "یەکگرتوویی و یەکپارچەیی خاکی عێراق"ن. ئەم هەڵوێستە ڕوونەی چین بەرانبەر بە دەستپێشخەریی سەربەخۆیی حکوومەتی هەرێم دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی پەکین و هەولێر یادەوەرییەکی مێژوویی باشیان نەبێت (Çalışkan, 2021).

**ئەنجام**

پەیوەندیی چین و هەرێمی کوردستان ئەگەرچی لە گەشەکردندایە، بە تایبەت کە چین لە ڕووی ئابووری و بازرگانی هەروەها وزە و دروستکردنی ژێرخان و کەرتی خانووبەرە ئامادەیی زۆری هەیە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چین خۆی بەدووردەگرێت لە پرسە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتیش کێشەی نێوان بەغدا و هەولێر. چینییەکان زیاتر کار لەسەر پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی و زانکۆکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن ئەمەش بۆ زیاتر بڵاوبونەوەی کلتوور و مێژووی چینییە وەک ستونێکی سەرەکیی هێزی نەرم، کە چینییەکان دەیانەوێت لەو ڕێگایەوە بێنە ناو هەرێمی کوردستان. دوو هۆکار یان بەربەستی سەرەکی هەن لەبەردەم پەیوەندیی چین و هەرێمی کوردستان؛ یەکەم پاڵپشتینەکردنی چین لە قەوارە نادەوڵەتییەکانی وەک هەرێمی کوردستان و پاڵپشتیکردنی دەوڵەت، چونکە چین سەربەخۆیی نەتەوە بێدەوڵەتەکانی وەک کورد، هاوشێوەی توندوتیژی و تیرۆر دەبینێت لە جیهاندا. دووەم بەربەست لە بەردەم گەشەکردنی پەیوەندیی سیاسی چین لەگەڵ هەرێمی کوردستان بوونی ئەمریکایە لە هەرێمی کوردستان وەک پارێزەری مانەوە و دابینکەری ئاسایشی هەرێمی کوردستان وایە. ئەم دوو فاکتەرە وا دەکەن پەیوەندیی چین و هەرێم زیاتر لەسەر ئاستی ئابووری و بازرگانی بمێنێتەوە گەشەنەکات بۆ ئاستی سیاسی. بەڵام گەشەکردنی هێزی نەرمی چین و هەژموونی ئابووریی چین بەردەوام دەبێت لە هەرێمی کوردستان و بەڵکوو زیاتریش گەشەدەکات بە تایبەت کە چینییەکان فۆرمی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ مەمەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان، لە هەمان کاتییشدا دەرفەتێکی زۆر هەیە بۆ کارکردنی چینییەکان لە عێراقدا.

**پەراوێزەکان**

[1] / دێنگ شیاوپینگ سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ و فەرماندەی سەربازی و دەوڵەتمەدارێکی چینی بوو کە لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٨ تا مانگی نۆڤەمبەری ١٩٨٩ وەک سەرکردەی باڵای کۆماری گەلی چین کاری کردووە. دوای مردنی ماو تزی تۆنگ لە ساڵی ١٩٧٦، دێنگ وردەوردە بەرەو دەسەڵاتی باڵا بەرزبووەوە و چینی لە ڕێگەی زنجیرەیەک چاکسازیی دوورمەودای ئابووریی بازاڕەوە سەرکردایەتی کرد و ناوبانگی "ئەندازیاری چینی مۆدێرن"ی بەدەستهێنا. کاریگەریی زۆری هەبوو لە گەیاندنی چین لە ساڵی ٢٠١٠دا بە دووەم گەورەترین ئابووری جیهان .

[٢] / ئەلقەزاز دەڵێت: "کاتێک لە چینەوە گەڕامەوە عێراق، بۆم دەرکەوت کە خەڵکێکی زۆر دەیانەوێت فێری زمانی چینی بن." زۆربەی خوێندکارەکان بازرگانەکانی وەک لەیت ئەحمەدن کە دەڵێت: "من خاوەنی کۆمپانیایەکم کە ئامێری کارەبایی لە چینەوە هاوردە دەکات".

[٣] / هەرچەندە ئەمریکا و وڵاتانی تری ئەنجوومەنی ئاسایش پاڵپشتیان لە ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان نەکرد، بەڵام هەڵوێستی ئەمریکا وەک چین بە جێگیری دژی مافی سەربەخۆیی وڵاتان نییە، ئەمە جگە لە پاڵپشتیکردن لە مافی مرۆڤ و پرسی کەمینەکان و چەندان پرسی تر کە چینییەکان لە ڕووی سیاسییەوە هیچ گرنگیپێنادەن.

**سەرچاوەکان**

یەکەم/ بە زمانی کوردی

- سەردار عەزیز، ٧/ ١٢/ ٢٠٢٢) دەسەڵاتی نەرمی چینی . ڕۆژنامەی هاوڵاتی. ژمارە ١٩٩٦. https://hawlati.co/page_detail?smart-id=26805
- ڕووداو (٢٠٢١/٩/٢٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ قونسولی گشتیی چین لە هەولێر. Beijing's envoy praises growing ties between<< https://www.rudaw.net/english/interview/29092021>>.
- ڕووداو (٢٠٢٣/١/٢٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان. <<https://www.rudaw.net/sorani/interview/220120231>>.

دووەم/ بە زمانی عەرەبی

- أويل برايس (٢٠٢٠) هل أصبح العراق خاضعا لقبضة الصين؟ الجزيره. https://www.aljazeera.net/ebusiness/2020/1/11/%d8%aa%d9%82%d8%b1%d9%8a%d8%b1-%d8%a3%d9%85%d9%8a%d8%b1%d9%83%d9%8a-%d9%87%d9%84-%d9%8a%d9%88%d8%b4%d9%83-%d8%a7%d9%84%d8%b9%d8%b1%d8%a7%d9%82-%d8%a3%d9%86-%d9%8a%d8%b5%d8%a8%d8%ad >>.
- أحمد ألجى ( ١٤/ ٤/ ٢٠٢٢) استثمارات الصين في العراق، الفائزون والخاسرون shorturl.at/dekC2
- فايننشال تايمز (٢٠٢٢/٢/٢). الصين تصب استثماراتها في العراق مع انسحاب أميركا. https://www.aljazeera.net/ebusiness/2022/2/2/%D9%81%D8%A7%D9%8A%D9%86%D9%86%D8%B4%D8%A7%D9%84-%D8%AA%D8%A7%D9%8A%D9%85%D8%B2-%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%8A%D9%86-%D8%AA%D8%B5%D8%A8 .
- فرانس ٢٤ (22/08/2022) بين النفط والبناء الصين ترسّخ وجودها في. shorturl.at/erI08 .
- الحرة (٢٠٢٢) النفط مقابل البناء.. هل تستحوذ الصين على العراق؟ . shorturl.at/ruY67 .
- سفارة جمهورية الصين الشعبية لدى جمهورية العراق (٢٠١٣-٠٤-١١) لمحة عن العلاقات الصينية العراقية. http://iq.china-embassy.gov.cn/ara/zygx/zygx/201304/t20130427_2518677.htm

سێیەم/ بە زمانی ئینگلیزی

- AfricaFriedrichs, J. (2019). Explaining China's popularity in the Middle East and Africa. Third World Quarterly, 40(9), 1634-1654. <https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/01436597.2019.1592670>.
- Amin Saikal (2022) Xi's Saudi visit a sign of China's growing influence in the Middle East. <<Xi's Saudi visit a sign of China's growing influence in the Middle East | The Strategist (aspistrategist.org.au)>>.
- Camille Lons (2019). CHINA'S GREAT GAME IN THE MIDDLE EAST. <https://ecfr.eu/publication/china_great_game_middle_east/>.
- Camille Lons, Jonathan Fulton, Degang Sun, Naser Al-Tamimi (2019) China's great game in the Middle East. <https://ecfr.eu/publication/china_great_game_middle_east/>.
- Chaziza, M. (2017). China and the Independent Kurdish State. Begin-Sadat Center for Strategic Studies. << https://www.jstor.org/stable/resrep04326#metadata_info_tab_contents>>.
- Fulton, J. (2019). China's changing role in the Middle East. *The Atlantic Council*. <https://zuscholars.zu.ac.ae/works/4542/>.

- KRG- Department of Foreign Relations (2023). Foreign Representations in the Kurdistan Region. << https://gov.krd/dfr-en/foreign-representation/>>.
- Kurlantzick, J. (2007). *Charm offensive: How China's soft power is transforming the world*. Yale University Press. Explaining China's Popularity in the Middle East and Africa.
- Lee Anderson (2007) Where is Jalal Talabani taking Iraq? Mr. Big | The New Yorker .
- Li, R. (2022, January). A New Reflection of China's Developmental Approach. In *2021 International Conference on Social Development and Media Communication (SDMC 2021)* (pp. 874-882).Atlantis Press.
- NAJLA M. SHAHWAN (2022). Where is China's role in the Middle East heading? <https://www.dailysabah.com/opinion/op-ed/where-is-chinas-role-in-the-middle-east-heading>.
- Nurettin Akçay (February 15, 2018) An Independent Kurdistan: Will China Overhaul its Non-intervention Policy? | Volume 11 | Issue 12,
- Nye Jr, J. S. (2004). *Soft power: The means to success in world politics*. Public affairs.
- Olga, Malik (2021) What Is China's Endgame in Northern Iraq? <<https://politicstoday.org/china-northern-iraq-krg-economic-investments/>>.
- Pew Research Center, (JULY 13, 2017) Trump's International Ratings Remain Low, 56-57; Pew Research Center, Globally, More Name U.S. Than China as World's Leading Economic Power, 28-30.
- Rózsa, Erzsébet, (2021). China's Interests in the Middle East and North Africa. << https://www.iemed.org/publication/chinas-interests-in-the-middle-east-and-north-africa/>>.
- <https://www.pewresearch.org/global/2017/07/13/more-name-u-s-than-china-as-worlds-leading-economic-power/>.
- Sardar Aziz, (2022). China and the Kurdistan Region of Iraq: An Enduring Yet Cumbersome Relationship. <https://epc.ae/en/details/featured/china-and-the-kurdistan-region-of-iraq-an-enduring-yet-cumbersome-relationship>.
- Sardar Aziz and Mohammed Shareef (2022). Kurdistan in China: Are the Iraqi Kurds Interested in a Relationship? <https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/kurdistan-china-are-iraqi-kurds-interested-relationship>.
- Sercan Çalışkan (2021). Growing Chinese Influence in the Kurdistan Regional Government in Iraq. <https://www.orsam.org.tr/en/growing-chinese-influence-in-the-kurdistan-regional-government-in-iraq/>.
- STRATEGIECS Team (2022). China's Strategy in the Middle East from an Analytical Perspective. <<https://strategiecs.com/en/analyses/chinas-strategy-in-the-middle-east-from-an-analytical-perspective>>.
- Wang, Y. (2008). Public diplomacy and the rise of Chinese soft power. *The annals of the American academy of political and social science*, *616*(1), 257-273.
- Yitzhak Shichor (٢٠٠٦). China's Kurdish Policy. China Brief Volume: 6 Issue: 1 https://www.kurdistanc.com/en/details.aspx?jimare=1110 .

## الخلاصة

تعد العلاقات بين الصين واقليم كردستان حديثة وهي تعود إلى ما بعد سقوط نظام البعث عام ٢٠٠٣. السؤال الرئيسي لهذه الدراسة هو (ما هي الدوافع الرئيسة للعلاقات بين الصين واقليم كردستان؟)، ولتحليل هذا السؤال وفهم طبيعة العلاقة بين الجانبين، اعتمدنا على مفهومين: الأول القوة الناعمة والثاني التنمية، حيث صاغ الصينيون سياستهم الخارجية وفقا لهذين المفهومين. اما من حيث منهجية البحث، فقد اعتمدنا على الأسلوب النوعي في تحليل البيانات. ومن خلال هذه الدراسة توصلنا إلى أن علاقات الصين مع إقليم كردستان تقوم على أساس القوة الناعمة، أي العلاقات الاقتصادية والتجارية، وامتناع الصين عن التدخل في الشأن السياسي حيث تنظر إلى إقليم كردستان من منظور العراق. خلصت الدراسة إلى وجود عاملين يدفعان لبقاء العلاقات بين الصين واقليم كردستان على المستويين الاقتصادي والتجاري فقط وعدم وصولها الى المستوى السياسي. الأول هو، امتناع السياسة الخارجية للصين عن دعم الاقاليم و الكيانات غير الحكومية مثل إقليم كردستان ودعم الدول بدلاً من ذلك، كون الصين نفسها تعاني من مشاكل وجود الاقاليم و الكيانات غير الحكومية. والثاني هو، اعتماد إقليم كردستان سياسياً، عسكرياً، و أمنياً على الولايات المتحدة، ما يؤدي الى بقاء العلاقات بين الصين و اقليم كردستان على المستويين الاقتصادي والتجاري وصعوبة تطور تلك العلاقات إلى علاقات سياسية.